www.kurdistannet.org
3-3-2007 14:04 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## حەمەخان هەڵەبجەیی و حەمەسەعید شارەزووری ناتوانن نەوەی نوێی هەڵەبجە چەواشە بکەن ... ناصح عبدالرحيم

لە سایتی کوردستان نێت دا ڕۆژی 7-2-2007 بەڕێزێك بەناوی کاك (حەمەخان هەڵەبجەیی) ووتارێکی نووسیوە بەناونیشانی (هەڵەبجەو بەرزانی) ڕۆژێکی دواتر بەڕێزێکی تر بەناوی (حەمە سەعید شارەزووری) ووتارێکی دیکەی نووسیوە بەناو نیشانی (بەرزانی نەبووایە هەڵەبجە بەدەردی سەردەمی سەدام دەچوو) بە هەمان نەهج، هەمان ئەو قسانە دووبارە دەکاتەوە کە کاك حەمەخان نوسیوێتی، ئەگەر بە ووردی ئەو دوو وتارە بخوێنیتەوە دەگەینە ئەو قەناعەتەی کە دوو وتاری کۆپی یەکن و لە یەك خەیاڵگەوە نوسراون کە ئەویش ئەو خەیاڵگەو دونیابینییە کە پیاوانی حیزب لێیەوە دەڕواننە مەسەلەکان، جیهانبینیەك کە سنورەکەی دیارەو لە بەرژەوەندی تەسکی حیزب، سەرۆك حیزب، بنەماڵە ناترازێت، ئەم دوو بەڕێزەش ئەو گوتارەی حیزبیان هێناوە و هەریەکەیان لەلای خۆیەوە ناوی خۆی لەسەر نوسیوە و مانشێتێکی بۆ داناوە؟.

ووتاری ئەو دوو بەڕێزە ئەم مەسەلانەی لەخۆ گرتووە، هەردوو وتارەکە ستایشی سەرۆکیان کردووە، هەردووکیان باسی سەردانەکەی نوێنەری بەرزانی دەکەن لەم چەند ڕۆژەی پێشوودا، هەردووکیان باسی ئەو برە پارەیە دەکەن کە بەرزانی بڕیاری داوە سەرف بکرێت بۆ هەڵەبجەی شەهید، هەردوو ووتارەکە کێشەکانی هەڵەبجەیان لە ململانێ نێوان یەکێتی و پارتییەوە سەیر کردووە، هەردووکیان هێرش دەکەنە سەر ڕاگەیاندنە ئازادەکانی وەك (هاوڵاتی و ئاوێنە)، هەردووکیان بەعس و یەکێتی و ئیسلامیەکان وەك یەك سەیر دەکەن.

سەرەتا ئەوە دەڵێم کە گوومانم هەیە ئەو دوو بەڕێزە خەڵکی هەڵەبجەی شەهید و شارەزوور بووبن؟ئەگەرچی من باوەڕم بە عەقلیەتی ناوچەگەری نییە، بەڵام بەهەڵەبجەیی و بە شارەزووری حساب نەکردنی ئەو دوو بەڕێزە لەو ڕوانگەوەیە کە هێندەی قسەی سەرۆکەکەی و بەڵێنە وەهمیەکانی سەرۆکی پارتیان بەلاوە گرنگە چارەکی ئەوە مافی ژیان و گوزەرانی خەڵکی هەڵەبجەیان بەلاوە گرنگ نییە؟لەو ووتارەدا هێندەی قسە لەسەر بە کاریزمایکردنی سەرۆکەکەی خۆیان دەکەن لەسەدا یەکی ئەوە قسە لە سەر گوزەرانی خەڵکی هەڵەبجە ناکەن؟وەڵام دانەوەی وەها وتارێك کتێبێکی پێویستە، نا لەبەر ئەوەی ووتارەکانیان زۆر باش و بەپێزن و لە جێگەی خۆیدایە، بەڵکو لەبەر ئەوەی هێندە ناواقیع و نالۆژیکی و چەواشە کارانە نووسراوە ویژدانم تەحەمەولی نەکرد بێدەنگ بم و وەڵامیان نەدەمەوە، وەڵامیان دەدەمەوە لەبەر ئەوەی نالۆژیکی نووسینەکانیان سنوری بەزاندووە، من ئەو دوو بەڕێزە ناناسم و ئەوانیش من ناناسن، بەڵام ئەوەندە هەیە کە ئەوان خەمی هەیمەنەی سەرۆکەکەیەتی و منیش خەمی مەرگی ئەوانەمە کە ئێستا لە هەڵەبجەدا نیوە گیانن!ئەوان لە ناو ئازارەکانی خەڵکی هەڵەبجەدا نیین و منیش ڕۆژانە لە ناو ئازاری خەڵکی ئەو شارەدام، ئەوان هەڵەبجەو هەڵەبجەیەکان بۆ مەرام و ململانێی حیزبی بەکار دینێت و منیش نەفرەت لەو ململانییە حیزبیە دەکەم کە هەڵەبجە و هەڵەبجەییەکانی بەم دەردە کوشندەیە گەیاند. بەدەر لە وەڵام دانەوە وتارەکانیان ڕێزێکی زۆرم هەیە بۆیان.

کاتێك ئەو ووتارانەم خوێندەوە، بە پێویستم زانی وەڵامێکی ئەو دوو بەڕێزە بدەمەو پێیان بڵێم ئێوە زۆر لەوە بێئاگاترن بتوانن نەوەی نوێی هەڵەبجە چەواشە بکەن؟نەوەی نوێی هەڵەبجە وەك نەوەی ساڵانی ئاشبەتاڵ و جاش بەتاڵ و ساڵانی شەڕی ناوخۆ نییە، ئێوە ناتوانن چاوبەس لەم نەوەیە بکەن، چونکە یەکەم جارە لە مێژوی نەتەوەی کوردیدا گەنجەکانی وشیارتر بن لەوانە کە حوکمڕانیان دەکەن و لێپرسراویانن؟ئەوەش مانای ئەوەیە کە چیتر سەردەمی گوتاری سواو پیاهەڵدانی سەرۆك و حیزب و

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بە كاریزمایكرنی سەرۆك و كۆتای پێهاتووە، نەوەی نوێ، نەك ئێستای سەرانی كورد بەڵكو ڕابردوویشیان شارەزایە و تێدەگات ئەو هەموو نەهامەتی و دەردەسەری و قات و قڕیەی كە بەسەری میللەتی كوردا هاتووە بەدەرەجەی یەك سەرانی كورد لێی بەرپرسیارن پاش ئەوانیش خەڵكی تر، ئیتر پێویست ناكات هیچ كەس بە فریادڕەسی هەڵەبجە دابنرێت، چونكە شەهید بوونی هەڵەبجە بەرهەمی شۆڕشە چەواشەكاریەكەی سەرانی كوردە، ئەگەر شۆڕشی چەواشەكاری كوردی نەبێت بەعس بۆچی هەڵەبجە و كوردستان وێران دەكات؟نەوەی ئەم سەردەمە وەرەقەی سپی دەخوێنێتەوە!پێویست ناكات خۆتان باسی خۆتان بكەن ئێمە باشتان دەناسین ئێوە كێن و خەریكی چین؟ئەگەر هەڵەبجە وێران نەبووایە ئێستا گشت كاربەدەستانی ئەمڕۆ بە سەرۆكەكەی ئێوەشەوە لەكوێ دەبوون؟مەگەر لە دووری هەزاران كم و لە ڕەزو باخەكانی كەرەج پیاسەی بكردایە، نەك ئەوەی سەرۆكەكەی ئێوە هەڵەبجەی ڕزگار كردبێت، هەتا ئێستاش هەڵەبجە ڕزگاری نەبووە لە دەستی جەلادو خائینانی كورد؟

ئێوە ئەتوان لە سەرۆكەكەی خۆتان بپرسن و پێی بڵێن ئەرێ سەرۆك تۆ هەڵەبجەت ڕزگار كرد یان هەڵەبجە تۆی لە دەربەدەری وولاتان ڕزگار كرد؟

ئێستا چەند سەرنجێكی خۆم دەخەمە ڕوو لەسەر

_بەعس و یەكێتی و بزوتەنەی ئیسلامی ئەو كاتە:

هەندێ جار ئەو بێحورمەتیەی كەپیاوە بەڕێزەكانی نیشتمان بەمرۆڤی دەكەن، كەمتر نییە لەو بێحورمەتییەی جەلادەكان لە غەریبیدا پێتدەكەن. *

، منیش لە گەڵتانم كە ئەو سێ هێزەتان لە تای ترازیەكدا داناوە و لەجێگەی خۆیدایە، ئەو سێ هێزە جیازوازیان نییە، بەڵام لەلای من پارتیش لەهەمان تای ترازووەكەدایە، ئێوەی پارتیش بەلای ئێمەی نەوەی نوێ لەهەمان ڕیزی ئەو سێ هێزەدان، باشتروایە هاوكێشەكە بەم شێوەیە بێت (بەعس +یەكێتی+ پارتی + بزوتنەوەی ئیسلامە ئەو كات = خیانەت لە هەڵەبجەی شەهید؟

_ هەڵەبجەو سەردانەكەی بەرزانی

گەمژە ئەوكەسانەن كە چاوەڕوانن سیاسیەكان عەدالەتیان بۆ بێنن ئەو گەمژانەن دونییایان وێران كرد، پەح دەبێت چەند بیمێشك بن ئەو بەشەرانەی چاوەڕوانن سەرۆكە گەمژەكانیان عەدالەتیان بۆ بهێنن. *

ئەو دوو بەڕێزە باسی ئەوە دەكەن كە سەرۆكی پارتی سەردانی هەڵەبجەی كردووە و لە نزیكەوە ئاگاداری حاڵ و وەزعی خەڵكی هەڵەبجە بووە؟یەكێك ئاگادارنەبێت وادەزانێت بەرزانی هاتووەتە هەڵەبجە و لەوێ شەوێك لەناو كەلاوەیەكی هەڵەبجەدا خەوتووە، ئەوە نییە ئێستا وێنەی بەرزانی هەیە كە لەپاڵی كەلاوەكانی هەڵەبجەدا گرتوویەتی؟وێنەی بەرزانی هەیە كە لەگەڵ نەخۆشەكانی هەڵەبجەدا گرتوویەتی؟ئەوە نییە سەرۆك سەردانی نەخۆشخانە تایبەتەكەی هەڵەبجەی كرد كە بۆ برینداارانی چەكی كیمیاوی دروستی كردووە (ئەی كە شتی وا بوونی نییە) ؟ئەوەنییە سەرۆك لەگەڵ گەنجانی هەڵەبجەدا دەبینرێت، ئەوانە كێ بوون چوون بۆلای سەرۆك؟پارتیەكانی هەڵەبجەی لێدەربكەی لەسەدا هەشتای خەڵكی هەڵەبجە ئاگاداری هاتنەكەی بەرزانی نەبووە و پێشی خۆش نەبووە كەسێك بێتە ئەو شارەوە كە دەستی هەبێت لەوێرانكردنیدا؟بەرزانی لە قەڵاچۆڵان (قەڵایدزان) چاوی بە هەندێك خەڵكی پارتی كەوت، چونكە ئەوانەی چوون بۆ قەڵای دزان نوێنەری هەڵەبجە نەبوون، تەنها ئەوانە نوێنەری هەڵەبجەن كە لە 16-3ی ئەمساڵدا تف ونەعلەت و بەردبارانی بەرپرسانیان كرد؟باشە بۆ بەرزانی لەهەڵەبجە نەمایەوە و لەو شارەدا لەگەڵ خەڵكەكەی كۆنەبوویەوە، لەچی دەترسا؟لەوە ترسان وەك چۆن لە ڕۆژی 18ی 3ی ئەمساڵ خەڵكی هەڵەبجە دەمیان هەڵكرد لە عیماد ئەحمەد (محامی گەندەڵەكانی یەكێتی) و ڕەخنەی زۆریان لێگرتن و بە بەرچاوی

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

كەناڵەكانی ڕاگەیاندنەوە خەڵكە بوویرەكەی هەڵەبجە بۆ جارێكیتر حەیای یەكێتیو ئەندامی مەكتەب سیاسیەكانی برد، بەرزانیەكەی ئێوەش لەوە دەترسا خەڵكە هەڵەبجە ئابرووی ببەن بۆیە نەیوێرا لە هەڵەبجەدا كۆبوونەوە بكات لەگەڵ دانیشتوانەكەی!لەوە ترسا گەنجانی هەڵەبجە پەلاماری بدەن، وەك چۆن لە ڕۆژی 16ی 3 پەلاماری مەسئولە گەندەڵەكانی یەكێتیاندا لە ناو یادگاری هەڵەبجە و ڕاویاننان. قەلای دزان شوێنێكە كە هەر كەس ڕەخنەی تیا بگرتایە بەزیندووی نەدەڕایەوە بۆ ماڵی خۆی، بۆیە كەس نەیدەوێرا ڕەخنە بگرێت.

ئەو سەرۆكەی ئێوە قسەیەكی نەكرد لەسەر ئەوەی گەنجانی هەڵەبجە لە 16ی3 ئەمساڵ لەلایەن جەردەكانی یەكێتیەوە تەقەیان لێكرا و گەنجێكیان كوشت و دەیان گەنجی دیكەیان بریندار كرد، سەرۆكەی ئێوە بێدەنگ بوو لەبەرامبەر ئەو جەریمە گەورەیە، كەسێك بێدەنگی هەڵبژێرێت لەبەرامبەر ئەو تاوانە گەورەیەی كە بەرامبەر نەوەی نوێی هەڵەبجە كرا، ئیتر دەبێت تێبگەی كە ئەو كەسە سەرۆكی نەوەی نوێ نییە، بەڵكو سەرۆكی ئەوانەیە كە دزو گەندەڵن سەرۆكی پیاو كوژەكانی وولاتە سەرۆكی نەوەی پیرەكان و پاڵەوانەكانی شەڕی ناوخۆیە، تێبگەن ئێمەی نەوەی نوێی كەسانێك بەسەرۆكی خۆمان نازانین ملیۆنەها دۆلاری هەڵەبجەیان لەلابێت؟هەر كەسێك ئیدانەی كارەساتی 16-3-2006 نەكردبێت ئەگەر خوداش بێت نایپەرسین و بە هیچی نازانین!.

_پارتی و هەڵەبجە:

پێویست ناكات ئێوە باسی مێژووی هەڵەبجە بكەن هەموو مێژوونووسانی كورد ناتوان گەنجان و نەوەی نوێی چەواشە بكەن، باشتر وایە خۆتان بەدوور بگرن لەو قسە سواو بێكەڵكانە. مەگەر پارتی یەكێك نەبوو لەو 5 حیزبە خائینەی كە ئیمزای ئەوەی كرد كە خۆپیشاندانی گەنجانی هەڵەبجە ئاژاوەگێڕیە؟لە خودی فەرەیدون جوانڕۆی بپرسن بزانن بۆچی ئیمزای ئیدانەكردنی خۆپیشاندانەكەی گەنجانی هەڵەبجەی كرد؟؟؟ئەو 4 حیزبەی كە ئەو ئیمزایەیان كرد هیچ جیاوازیەكیان نییە لەگەڵ یەكێتی! وەك یەكێتی بەشدارن لە كوشتنی گەنجانی هەڵەبجەو گرتن و ڕاوەدوونانیان، كاتێك پارتی خوپیشاندانی گەنجانی هەڵەبجە ئیدانە بكات؟ كەواتە بە بڕوای پارتی گەنجانی هەڵەبجە كارێكی خراپیان كردووە و هەر كەسێكیش كاری خراپە بكات دەبێت سزا بدرێت؟ئەم شەرعیەتەی كە یەكێتی وەریگرت لە ئەو 4 حیزبە وای كرد یەكێتی دەستی واڵابێت لە گرتن و زیندانی كردنی گەنجان و حیزبەكانیش هیچ هەڵوێستێكیان نەبوو لەسەر ئەو كارە دڕندەیەی یەكێتی، چونكە پێشتر شەرعیەتیان دابوو بەهەر كارێك كە یەكێتی بیكات بەرامبەر ئەوانەی خوپیشاندانیان كردووە.

ئەو دوو بەڕێزە باسی ئەو نەهامەتیانە دەكەن كە بەسەر خەڵكی هەڵەبجەدا هات لە سەردەستی بەعس و بزووتنەوەی ئیسلامی ئەو سەردەمە و یەكێتی، بەڵام باسی ئەوە ناكەن كە پارتی چی بەسەر خەڵكی ئەو شارە هێناوە، بۆ هەر پارتی نەبوو چەندین ساڵ شەڕی نەگریسی ناوخۆ، ئەو شەڕەی كە بنەماڵەی بەرزانی و بنەماڵەی تاڵەبانی لەسەر كورسی و پارەو تاڵانی بەرپایاكرد، ئەو شەڕەی كە لەسەر جەستەی بریندار و زامی سارێژنەبووەی خەڵكی ئەو شارە درێژە پێدەدا، بۆ هەر ئێوە نەبوون هەڵەبجەتان وەك سەنگەرێك بەكار دەهێنا دژی یەكێتی؟ئێوەی پارتیو بەرزانی نەبوون هەر هەرچی چەكی سوك قورستان هەبوو لە هەڵًەبجەدا تاقیتان كردەوە؟منداڵانی هەڵەبجەی شەهید گوێیان بە تەقەی تفەنگەكانی ئێوە بەر دەبوو؟ئێوە نەبوون پارەی سەروەت و سامانی میلەتان دەدا بەچەك و لە هەڵەبجە و شارەزوودا دەتانتەقاند؟ئێوە نەبوون قوتابخانە و دائیرەكانی هەڵەبجەتان داگیر كردبوو كردبووتانە بارەگای خۆتان؟ئێوە نەبوون هەرچی خەڵكی خراپەكارو پیاو كوژو شەرواڵپیسی ناوچەكانی ژێر دەستەڵاتی یەكێتی هەبوو هەموویتان كۆكردەوە لە هەڵەبجەدا؟ئێستاش بڕۆ لە دوكاندارەكانی

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

هەڵبجە بپرسە بزانە چەند هەزار دینار قەرزیان هەیە لەلای پارتیەكانی ئەو سەردەمە؟ئێوە نەبوون سوكایەتیتان بەخەڵكی هەڵەبجە دەكردوو بە بیانووی یەكێتی بوون هەرچی خراپە هەبوو بەسەر خەڵكی ئەو شارەتان دەهێنا؟ئێوە نەبوو لە باخی گشتی لە فێستیڤاڵی هەڵەبجەدا بە عەشوائی تەقەتان لە خەڵكی هەڵەبجە كردوو 3 كەستان كوشت و چەندین ژن و منداڵی ترتان بریندار كرد؟ئێوە نەبوون هەڵەبجەتان كردبووە سەربازگەیەك بۆ ئەوەی لەوێوە هەوڵی كاولكردنی ناوچەكانیتر بدەن؟ئێوە نەبوون. . . . . ئێوە نەبوون ناتوانم هەرچی كاری پیس و چەپەڵی ئێوە بیخەمەوە بەرچاوتان، چونكە نامەوێت زیاتر بڵێم هەر ئەوەند تاقەتم هەیە و پێشم وایە ئەوەندە بەسە بۆ ئەوەی ئێوەو سەرۆكەكەتان و یەكێتیو سەرۆكەكەیان و ئیسلامیەكان و سەرۆكەكانیان لەگەڵ بەعسیەكان و سەرۆكەكانیان لە بەردەم پەیكەرە قوراویەكەی عومەری خاوەردا سەریان پێ شۆڕ بكرێت و لە دادگایەكەی عومەر خاوەردا دادگایی بكرێن.

_14 ملیۆن دۆلارەكەی سەرۆك بۆ هەڵەبجە

"ئابووری موڵكی كۆمەڵگایەو موڵكی حیزب نییە، هەركاتێكیش ئابووری حكومەت لە ئابووری حیزب جیا نەكرایەوە، قسەكردن لە دیموكراسیەت نوكتەیەكی گەورەیە"#

ئەو دوو بەڕێزە وەك ئەوەی پورە هەنگیان لە كلۆرە داردا دۆزیبێتەوە، بە منەتەوە باسی ئەوە دەكەن كە بەرزانی بڕیاری داوە كەبری 14 ملیۆن دۆلار بۆ هەڵەبجە سەرف بكرێت؟ئێستا لە ئێوە دەپرسم مانەوەی هەڵەبجە بەم كاولیە مایەی سەرشۆڕی نییە بۆ گشت سەركردەكان و بەرپرسەكانی كورد بەبێ جیاوازی كردنیان؟بەڕێزان 14 ملیۆن دۆلار بۆ شارێكی وەك هەڵەبجە و بۆ زیاتر لە 60 هەزار خەڵك، هەر هیچ نییە لەچاو ئەو 800 ملیۆن دۆلارەی كە لەم ماوەیەی پێشوودا لە لوبنان دەستی بەسەر دا گیرا؟ئەو برە پارەیەش هی كێ بوو؟هیچ نییە لە چاو ئەو برە پارەیەی كە چەند ساڵێك لەمەوبەر لە توركیا دەستی بەسەردا گیرا؟ ئێستا تێدەگەن ئەوەی نوێی هەڵەبجە زۆر لە ئێوەی پاڵەوانەكانی شەڕی ناوخۆ وشیارترن؟ئەوەی بەرزانی دەبیات لە بانقەكانی ئەورپا دایدەنێی پارەو سەروەت و سامانی كێیە؟بەرزانی لە كوێی بوو؟ئێوە بۆ ناپرسن لە سەرۆكەكەتان كە خاوەنی چەند ملیار دۆلارە؟ لەڕیزی ملیاردلێرەكانی جیهاندا چەندەهەمە؟ئەو برە پارەیەی كە سەرۆكەكەی ئێوە دەیباتە دەرەوە لە فرۆكەكانەی هەولێرەوە و ئەو برە پارانەشی كە سەرانی یەكێتی لە فرگەی سلێمانیەوە دەیبەنە دەرەوە هی میلەتە و ئەوان دەیدزن و دەیبەن بۆ زیادردنی حساباتی بانقەكانیان، 14 ملیۆن دۆلار ماف و حەقی خۆمانە، پارەی ئەم وڵاتەیە، خۆ سەرۆكەكەتان بە تەماتەفرۆشی پەیدای نەركردووە تا منەت بەسەر ئێمەی هەڵەبجەیدا بكەن؟پارتی و یەكێتی سەدان ملیۆن دۆلاریان داوە بەتۆپ و فیشەك و سیلاح و لە دەشتی شارەزوورەكەی كاكە حەمەسەعید و هەڵەبجەكەی كاك حەمەخاندا لە بەرامبەر یەكدی تەقاندوویانە؟ئەی ئەو دوو بەڕێزە بۆ ناپرسێن لە بەرزانی بری ئەو پارەیە چەند كە داویەتی بە فیشەك و كوردی پێ كوشتووە لە شەڕی ناوخۆدا؟بپرسن خۆ عەیب نییە پرسیار كردن؟؟؟. 14 ملیۆنەكەی بەرزانی هەر هیچ نییە لە چاو ئەو سەدان ملیۆن دۆلارەی كە بەرزانی دەیدات بە بەرپرسەكانی پارتی بۆ دروست كردنی تیاترۆخانە؟هەر هیچ نییە لە چاو ئەو برە پارەیەی كە بەرپرسانی پارتی دەیبەن گەشت و گوزار لە پایتەختەكانی ئەورووپا؟سەدان ئەوەندەی ئەو برە پارەیە بۆ ڕابواردن و شەوە سورەكانی بەرپرسانی وولآت سەرف كراوە؟ئەو برە پارەیە هیچ نییە لە چاو ئە و ملیۆنان دۆلارەی كە پارتی بۆ لقی 12 سەرف ئەكات.

_هێرشەكانی حەمەخان و حەمە سەعید بۆ سەر هاووڵاتی و ئاوێنە:

عبدوڵا پەشێوی شاعیر بە ڕاگەیاندنەكانی حیزب دەڵێت:

من نازانم چ لەو هەموو

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

مەرەکەبوو میکرۆفۆن و
شاشەو منارانە بکەم
کە بەدۆلار ئاوسبن و
دەم واز نەکەن؟

ئەتوانم بڵێم ئەگەر رۆژنامەی هاولاتی و ئاوێنە نەبووایە ئێستا هیچ کەسێك تاقەتی ئەوەی نەبوو کوردستانی رووڕەش (کوردستانی نوێ) و رۆژنامەی خەبات (خەباتی رووزەرد) بخوێنێتەوەو خۆ ئێستاش ئەو شوێنانەی ئەم رۆژنامانەی تێدا دەبینرێت بارەگاکانی حیزب و شوێنە حکومیەکانە، پێویست ناکات تەعلیق لە هاوولاتی و ئاوێنە بدەن، ئەو دوو رۆژنامەیە زۆر لەو دەریایە گەورەترن کە کەسانێك بتوانن گلاوی بکەن، ئەو دوو رۆژنامەیە رۆح و گیانی نەوەی نوێن، ئەتوانی بڕۆیت سەیرێکی کتێبخانەکان بدەیت بۆ ئەوەی بزانن کە خەڵك چۆن چاوەڕوانی ئەو دوو رۆژنامەیە دەکات تا دەگاتە کتێبخانەکان؟ئەمە بۆت دەگێرمەوە قسەی کادرێکی یەکێتی بوو گووتی بەسەری تۆ حەزم بە بینینی رۆژنامەی کوردستانی نوێ نییە، پێشم شەرمە کە حیزبەکەم خاوەنی وەها رۆژنامەیەکی روو رەشبێت، ئەوەشی کە ئیشتراکیم کردووە بە زۆرە، چونکە ئەگەر نەیکرین خراپ لێت تێدەگەن، ئەگەر بزانن من لە ماڵەوە چی بەم رۆژنامەیە دەکەم، کە خۆم یەکێتیشم باوەڕ بکە یەکێتی شەرم لەوە دەکات بڵێت خاوەنی وەها رۆژنامەیەکم کە کادیرەکانی بەو شێوەیە سەیری رۆژنامەی حیزبەکەی خۆیان دەکەن. ئەمەم بۆیە بۆ گێڕایەوە بۆ ئەوەی تێبگەی لە دایك بوونی رۆژنامەی هاوولاتی و ئاوێنە، خۆی لە خۆیدا ئەوەی پێگووتین ئەخلاقیەتی رۆژنامەگەری کوردی هەرەسی هێناوە و لە هەموو بەهایەکی ئەخلاقی و ئینسانی خۆی داماڵیوە، هاووڵاتی و ئاوێنە هاتن ئەو هەرەسەیان راست کردەوە کەمێك ئعتیباریان گێڕایەوە بۆ رۆژنامەکان. ئێوە دەڵێن هاووڵاتی و ئاوێنە باسی ئەوە ناکەن کە سەرۆك بەرزانی 14 ملیۆن دۆلاری بۆ هەڵەبجە سەرف کردووە، با رۆژنامەی خەباتیش باسی ئەوە بکات پارتی و بەرزانی چەند ملیۆن دۆلاری هەڵەبجەی لەلایە؟عیماد ئەحمەد لە ووتەکانیدا لە دوای ئەو 11ی سێپتەمبەرەی کە خەڵکی هەڵەبجە بەسەریدا هێنان ناڕاستەوخۆ دەستی خستە سەر پارتی و گووتی (ئێمە هەر ئەوەندەمان لەسەر بوو کردوومانە با ئەوانەی کە ملیۆنەها دۆلاری هەڵەبجەیان لەلایە با ئەوانیش ئەو برە پارەیەی بۆ بگێڕنەوە و بۆی سەرف بکەن) ئەمە قسەی بەرپرسێکی یەکێتی بوو، بەڵام با ئێوە واتێنەگەن ئێمە ئەو شتانە نازانین، خەڵکی هەڵەبجە ئەوە دەزانن کە هەر لە ساڵی 1991 تا 2007 سەدان ملیۆن دۆلاری هەڵەبجەی شەهید لەلای یەکێتیو پارتییەو نایانەوێت سەرفی بکەن بۆی؟تێدەگەن ئێستا خەڵکی هەڵەبجە چی دەڵێت؟ئێمە نەك ئەو 14 ملیۆنە بەڵکو ئێوەی یەکێتی و پارتی سەدان ملیۆن دۆلاری ئەم شارە قەرزدارن و رۆژێك دەبێت لێتان بسێنرێتەوە و باجەکەشی دەدەن لە داهاتوودا؟

هاووڵاتی و ئاوێنە ئەوەندەی رەخنە لە یەکێتی دەگرن سەدا یەکی ئەوە باسی پارتی ناکەن، ئەو زەمینەیەی کە هاووڵاتی و ئاوێنە رەخساندیان بۆ رسوا کردنی یەکێتی لە سەر تەقەکردن لە گەنجانی هەڵەبجە، راگەیاندنی پارتی بە درێژای 15 ساڵ شەڕی ناوخۆ نەیتوانی بەو شێوەیە یەکێتی رسوا بکات؟برۆن چاوێك بە ئەرشیفی رۆژنامەی خەباتی روو زەردا بخشێننەوە بزانن چۆن تف و نەعلەت لە دوونیای رووڕەشی رۆژنامەکانی حیزب دەکەن. ئێوە باسی هاووڵاتی و ئاوێنە مەکەن، هاووڵاتی و ئاوێنە مەلەفی ساڵی 1946 تا 2007 بەرپرسانی وولاتی لەلایە، زۆر مەرۆن لەسەریان خراپە و مەیان ئاڵسکێنن؟سەیرێکی رۆژنامە روو زەردەکانی حیزب بکەن ئەو کاتە لەبەهای گەورەی و پیرۆزی هاووڵاتی و ئاوێنە تێدەگەن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

برادەرێکم ووتی من هەموو ڕۆژنامە و گۆڤارە حیزبیەکانم خوێندووەتەوە لەماوەی شەڕی ناوخۆدا، ئەوەی ووشەی ناشرین و دزێوو هەبێت لە لاپەڕەکانی ئەو ڕۆژنامانەدا هەیە و بەرچاوت دەکەوێت، ئەوەشی گووت کە هەرکاتێك بمەوێت ووشەیەی ناشرین و دزێو بڵێم بە دزو گەندەڵەکان و سیاسەیەکانی کورد یەکسەر پەنا دەبەمەوە بۆ ئەرشیفی ئەم ڕۆژنامە و ڕاگەیاندنە حیزبیانە لە ساڵانی شەڕی ناوخۆ، ئیتر لەوێ هەر ووشەیەکی پیس و ناشرین و نەگریس و نامەعقوڵ هەیە بەرچاوت دەکەوێت لەو ڕاگەیاندن و ڕۆژنامە حیزبیانەوە من لەوێوە فێری بەکارهێنانی ووشەی ناشیرین بووم تکات لێدەکەم نزیکی ئەرشیفی ڕاگەیاندنی حیزبی نەکەویتەوە؟

وەك گەنجێکی هەڵەبجەی شەهید ڕووی دەمم دەکەمە کاك حەمەخان و کاك حەمەسەعید شارەزووری و هەموو ئەوانەی کە خەم و ئازارەکانی خەڵکی شارەکەیان لەبەرچاو ناگرن وهەرخەمی بەپیرۆزکردنی حیزب و سەرکردەکاندان وازبهێنن چیتر هەڵەبجە و گەنجانی ئەمڕۆی پێویستیان بەو قسە سواو بێکەڵکانە نەماوە کە پارتی و یەکێتی دەیدەن بەگوێی ئێمەی هەڵەبجەیەکاندا.

سەرۆکەکەی ئێوە ووتی (ئەگەر لەماوەی 6 مانگدا پێداویستیە سەرەتاییەکانی خەڵکی هەڵەبجەم دابین نەکرد ئەوا دەست لەکار دەکێشمەوە)

ئێستا ئەوە 6 مانگ تێپەڕی لە سەرۆکەکەتان بڵێن دەست لەکار دەکێشێتەوە یان داوای لێبووردن بکات لە خەڵکی هەڵەبجەی شەهید چونکە نەیتوانی لەو ماوەیەدا بەردێك بخاتە سەر بەرد؟ئەوەشی پێبڵێن کە ئایا لەلای سەرۆك پێداویستیە سەرەتایەکانی ژیان کامانەن؟ڤێلاکانی نێوان سەحەدین و هولێرە؟بازاڕە گەورەو بەناوباگەکانی بەرپرسانە؟زیادکردنی حساباتی بانقەکانە؟دروستکردنی.............................ی..

*ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان، بەختیار علی، 2006

#بەختیار علی، وتاری دیموکراسیەتی زۆر و دیموکراسیەتی کەم، لەکتێبی "ڕۆشنبیر، کۆمەڵگا دیموکراسیەت"2000

نوسینی: ناصح عبدالرحیم _هەڵەبجەی شەهید

تێبینی

بۆ بەڕێزان/ بەرپرسی سایتی کوردستان نێت

تکایە لە هەر ئشکالەتیەك لە ووتارەکەدا هەیە ئاگادارم بکەنەوە، ئەگەر ووتارەکەتان بڵاو نەکردەوە.

لەگەڵ ئەو پەڕی ڕێزمدا

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.